www.kurdistannet.org

15-9-2005 15:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# زیندانیەکانی گرتووخانەی مەعەسکەر سەلام ماندەگرن

لە (هەردی و سامان) ەوە:

زیاتر لە 200 زیندانی گرتووخانەی مەعەسکەر سەلام لە کاتژمێر (3:30) ی ئێوارەی رۆژی 2005/9/14 دەستیان بە مانگرتن کردووە.

ئەم مانگرتنە بە وتەی یەکێك لە زیندانیە مانگرتوەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە داوایان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە بۆ سوککردن و کەمکردنەوەی سزا و ماوەی حوکمەکانیان، ئەمە لە کاتێکدایە کە سزای هەریەکێك لەو زیندانیانە جیاوازە لە رووی سزا و ماوەی حوکمیانەوە.

ئەو سەرچاوەیە پێی راگەیاندین کە دەبێت حکومەت وەڵامیان بداتەوە بە هەرجۆرێك هەیە سزاکەشیان بۆ سوك بکات و ماوەکانیشیان کەمکاتەوە، سەبارەت بەوەی کە تا کەی مانگرتنەکەیان درێژە ئەکێشی؟ ووتی " مەگەر بیانکوژن ئەگینا هەر بەردەوام دەبن لە مانگرتن و زۆرێك لە زیندانیەکانیش بە نیازن خۆیان بسوتێنن"، جێی ئاماژەیە تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە لەلایەن بەرپرسانی زیندانەکەوە هیچ وەڵامێکی رەسمی نەدراونەتەوە و دەیانەوێت لە رێگەی فشارەوە کۆتایی بە مانگرتنەکەیان بهێنن.